

## نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز:

# لە چلەکاندا ساڵح بەگی ساحێبقڕان موتەسەریفی هەولێر بوو، بۆیە زۆربەی شاعیرە گەورەکانی سلێمانی هێنابووە هەولێرو دایمەزراندبوون

سازدانی: حەمید بەدرخان

بەشی دووەم و کۆتایی

**دانیشتن لەگەڵ ئەوپیاوە لەباسکردن نایەت، وەکو موگناتیس کەسی بەرامبەر بە گێڕانەوەی یادگارییەکانی خۆی، رادەکێشێت. کانیاوێکە لەزانیاری ووشـک بوونی بۆنییە، کێ هەیە لە کەسایەتییە جیهانییەکان ئەو نەیدیبێ و راستەوخۆ قسەی لەگەڵ نەکردبێ، کاتێ کەباس لە گفتوگۆی خۆی و ئەمڕۆ سەبارەت بەکورد و دواڕۆژی و بەئاوات گەیشتنی کورد لەزاری ئەوەوە دەکات، وادەزانی باسی دوێنێت بۆدەکا.**

*** باری رۆشـنبیری چلەکانی شاری هەولێر چۆن بوو؟**

– باوکـم تەبیعەتێکی سـەیری هەبوو، کە دەچووە جێگایەک، منی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. لەهەولێر ساڵی ١٩٤١ ساڵح بەگی ساحێبقڕان موتەسـەریف بوو، لەهەمان کاتیشـدا برای زاوایان بوو لەگەڵ باوکمدا، شـەوانی هەینی یا لەقەسر کە بەماڵی موتەسەریفیان دەگوت ئەوکاتە یا لەماڵی ئێمـە کۆبوونەوە هەبوو، دادەنیشـتن و دەبووە کۆبوونەوەی ئەدەبی، ئەوکاتە بارودۆخی ئابووری خراپ بوو بەهۆی جەنگی جیهانـی دووەمەوە، سـاڵح بەگی سـاحێبقڕان هەموو رۆشـنبیرانی سلێمانی هێنابووە لای خۆی بۆ هەولێر، جا شاعیرەکانی سلێمانی ئەوکاتە یا بەشێوەی وەزیفی یاخود هەروا بەشـێوەیەکی کاتی هاتبوونە هەولێر، لەوانە: شـێخ نووری شێخ سـاڵح، گۆران، زێوەر، فایەق بێکەس، شـێخ سەلام، رەمزی مەلا مارف، ئەحمەد عەزیـز ئاغا هەموویان لەهەولێر بوون و برادەری موتەسەریف بوون و برادەری باوکیشم بوون. جا ئەگەر شەوانی هەینی کاتێ کۆ دەبوونەوەو کۆبوونەوەکەیان لەقەسر بووایە، ئەوا دانیشتنێکی ئاسایی بوو، بـەڵام ئەگەر لەماڵی ئێمە بووایە، کاتەکەیان خۆشـتر رادەبواردوو، دەبووە گاڵتەو شیعر خوێندنەوە، بەتایبەتی شێخ سەلام و فایەق بێکەس شـەڕە شیعری خۆشـیان دەکرد، ویقاری قورس و سـەنگینی بێخود و زێوەر ئەمەش لەولاوە بووەسـتێ، سادەیی و قسە خۆشەکانی گۆران، ئەوە شاعیرەکانی سلێمانی کە لەهەولێر بوون، بەڵام لەهەولێر خۆیشـی شاعیری باش هەبوون، زۆربەی شاعیرەکانی هەولێـر بەتەمەن بوون، مسـتەفا عوزێری، ناسیح حەیدەری ئەم دووانە ئەوکاتە رۆڵێکی باشیان دەگێڕا لەشاری هەولێر و دوو شاعیری زۆر چاک بوون، پاش ئەوەش چینێکی دیکە لەهەولێر پەیدابوون کە زۆریان شاعیرو ئەدیبی گەنج بوون و لەوانە پیربداڵ مەحموود قەساب کە لەهەموویان دیارتربوو ئەوکاتانە، هەروەها شاعیرو ئەدیبی باش لە دەرەوەی هەولێریش هاتن، وەکو دڵدار کە لەکۆیەوە بەرەو هەولێر هات و هەروەها مەجید ئاسـنگەرو محەمەد مەولود"مەم". کانی شاعیریش دەوری هەبوو بەڵام نەدەچووە هەموو کۆڕێک، بەس جاهید دەچووە کۆڕان و هەموو قسەیەکیشی دەکردو شـیعرەکانی زۆربەی رەخنەو پەلار هاویشتن بـوو، بەڵام کانی کابرایەکی لەسـەرخۆ بوو شیعرەکانی زیاتر دینی بوو.

جا وەکو گوتم: سـاڵح بەگی سـاحێبقڕانی موتەسەریفی شاری هەولێر بەهۆی بارودۆخی ئابووری ئەوکاتە زۆربەی ئەدیب و شاعیرانی سلێمانی هێنابووە هەولێر و دایمەزراندبوون یا لە تووتن یا لە ئیشغالەکانی رێگای هەولێر و شەقڵاوە بەناوی موراقیبەوە مووچەیەکی بۆ بڕیبوونەوە. جا شەوانە لەو کۆبوونەوانەی کە لەماڵی موتەسەریف یا ماڵی ئێمە دەیانکرد، دەبووە بەزمی ئەوان.

یەکێ لەو نوکتە خۆشانەی کە ئەوان لەنێوان خۆیان دەیانکردوو لەبیر ناچێتەوە، سـاڵح زەکـی بەگ کورتە باڵابـوو، قەڵەویش بوو، فایەق بێکەس ئەوەیش قەڵەو بوو بەڵام بەژنی درێژ بوو، کوێریش بوو چاوێکی تەواو نەبوو، دانیشتبوون هەندێک دەیانخواردەوەو هەندێک شـیعریان دەگوت، لەوکاتە ساڵح زەکی بەگ هاتە ژوورەوە، هەموو هەڵسـانە پێوە وەکو رێزگرتن، بـەڵام فایەق بێکەس لەشـوێنی خۆی هەڵنەسـتا، شێخ سەلام گوتی: فایەق نابێ حورمەتت هەبێ بۆ هەڵنەستایەوە، جا فایەق هەڵسایەوە پانتۆڵەکەی دڕابوو، گوتی: قوربـان ئەوە پیـاوی رێزو هەڵسـانەوەیە، هەموویان دەستیانکردن بە پێکەنین، ساڵح بـەگ سـەیارەکەی خۆی رەوانـەی ماڵەوە کرد، شـۆفێرەکەی نارد ئـەو وەختە یەک سـەیارەی حکومی هەبوو لەهەولێر ئەویش هی موتەسەریف بوو"ساڵح بەگ" لەگەڵ سێ سـەیارەی مەدەنی، هەولێر بەهەمووی چوار سـەیارەی لێبوو، ناردی لەقەسـر بانتۆڵی سـاڵح بەگیان بۆهێنا، ئەویش کورت بوو بۆ فایەق بێکەس، ئەویـش لەبەری کردو وەکو ئەو شۆرت و سێ چارێگانەی ئێستابوو بۆی، ئیتر بەمحاڵە دانیشـتنەکانیان خۆشدەکرد بەڵام بەشێوەیەکی پاکیش، کوردایەتییەکی پاک، ئەوە لەهەولێر، کە ماڵیشـمان چووە کەرکـووک، دیسـان زۆربـەی کۆبوونەوەو دانیشتنی نووسەرەکان لەماڵی ئێمە بوو، شێخ حوسامەدینی خانەقا بوو سەمەد و عەزیز جار جارە دەهاتن، عەبدولخالق ئەسیری، عەلائەدین سوجادی کە لە بەغداوە دەهاتەوە کوردستان، شەوێک دووان لەماڵی ئێمە دەمایەوە.

شـێخ رەئوفی خانەقا بوو، ئیتر رۆشنبیرانی ئەوکات، پیاو راستییەکەی قسان بکات، پاک و خاوێـن بوون، مادده لەلایان دەوری نەبوو، کەس بۆپارە نەیدەنووسی. باوکم لەبەرئەوەی رۆژنامەو گۆڤار لەهەولێر نەبوو لەسـلێمانی هەبوو، بابەتی دەنووسی بۆ سلێمانی دەنارد، بۆئەوەی هەولێر بچەسـپێنێ نـاوی خۆی لەعەبدوڵـڵاوە کردە عەبە هەولێری و بەوناوە بابەتـی دەنارد بۆ گۆڤارەکانی گەلاوێژو ژیان و ژیانەوە.

*** بیرەوەریت لەگـەڵ جولەکەکانی هەولێرو بەتایبەتی دانیال قەسـاب کە یەکێک بوو لە دەستڕەنگینەکانی بواری هونەری شێوەکاری و مامۆستاو کەسە ناودارەکانی شاری هەولێر، باسی ئەو دیتنەی خۆتمان بۆ بکە کە لەشاری لەندەن یەکترتان بینیەوە، هەروەها مامۆستا زەکی بارۆخ ئەورۆژەی کە بەیەکجاری هەولێری جێهێشت و داوای لێکردی کە خۆڵی بۆ بخەیتە زەرفەوە؟**

– سەرەتا با بیرەوەری خۆم و دانیال قەسابت بۆ بگێڕمەوە: لە سـەرەتای شەستەکان لە لەندەن بووم، رۆژێک لەسـەر پردی وێسـت مێنسـتەر وەسـتابووم، پەڕیمەوە ئەوبەری پردەکەو ماسیم کڕیبوو دەمخوارد، کابرایەکی جولەکەی شەپقە بەسـەر، تێپەڕبوو، دوای ماوەیەکی کورت گەڕایەوە لای من و بەزمانی ئینگلیزی گوتی: بێگانەی، وتم: بەڵێ، وامزانی رەخنەیەکی لێم هەیە یا پرسـیارێکی هەیەو دەیەوێت لێمی بکات. گوتی: خەڵکی کوێی؟ گوتم: عێراقیم. راوەستاو گوتی: کوردی، وتم: بەڵێ کوردم، ئینجا بەکوردی قسـەی کردو گوتـی: هەولێری؟ وتم: ئـا هەولێریم. وتی: کوڕی عەبدوڵڵا عەزیز نیت؟ هەر بەشێوەم منی ناسییەوە. دەستی کردە ملم و ماچی کردم و گوتی: باوکی تۆ برای منەو ئێمە پێکەوە زۆر دۆست بووین. وتی: تۆ لەکوێی ئێستا، منیش پێمگوت کە بەسـیاحەت هاتووم بۆ لەندەن، وتی: نابێ بچی بۆ هوتێل و دەبێ بێیەوە ماڵی خۆمان. مامۆسـتا دانیال قەساب لە لەندەن لە"ئۆلدهام"شـوقەیەکی زۆر جوان و رێک و پێکی هەبوو، هەرچەنـدی هەوڵمداو گوتم: پارەی هوتێلم داوە، گوتی: بەهیچ شێوەیەک ئەمە نابێ و نییە، پارەی هوتێلەکەت با بسوتێ و لەسەر حیسابی منە، کوڕەکەو کچەکەی و زاواکەی بانگکردن و پێیانیگوت: ئەوە برازای منەو لەندەنی هەموو پێبگێڕن و نیشانی بدەن، ئینجا ماوەی هەفتەیەک لەماڵەکەی مامەوەو هەموو لەندەنیان پێکردم. بەزۆری خۆم لەبەر دەستی قورتار کردو گوتم: حەز دەکەم بڕۆم و شـوێنی دیکەش ببینم. جولەکەی هەولێر شـتێکی تریش هەبوو بۆ مێـژوو ئەوەت بۆ دەڵێم: جگە لە دڵسـۆزییەکەیان، زۆر کورد پەروەریش بوون. ئـەورۆژەی کە لە هەولێر رۆیشتن، ئێمەش قوتابییەکان بەشێکی زۆری مامۆسـتاکانمان جوولەکە بـوون، چووینە مەحەتەی قیتار بە رێیان بکەین، ئیتر حاسیە فەندی و مامۆستا سـیئۆم و زەکی بارۆخی و مامۆستاکانی دیکە هەمووی سواری قیتار ببوون، قیتارەکە ویسـتی ببزێ و دەستبکا بە رۆیشتن، مامۆسـتا زەکی بارۆخ کە لەناو قیتارەکە بوو، گوتی: نـەژاد زوو زوو وەرە، زەرفێکی دایە دەسـتم و گوتی: لەتەنیشت خۆتەوە بۆمی پڕ خۆڵ بکـە، زەرفەکەم بۆ پڕ لەخۆڵ کردو لەناو قیتارەکە دامە دەستی، لێمی وەرگـرت و ماچی کـردو گریا، بەڵام نەیهێشت ئێمەش گریانەکەی ببینین نەوەکو پێی موتەئەسـیربین. ئەوان خۆیان بەکورد دەزانی، دەیانگوت: چۆن ئێوە ئیسـلامن و کـوردن ئێمەش ئاوا جولەکەیـن و کوردین، رۆحـی کوردایەتییان زۆر بەتین بوو، زۆریش مرۆڤی چاکبوون. ئەوان تالێرە بوون، دەورێکی باڵایان هەبوو لەمۆسـیقاو هونەری شـانۆو تەمسـیل و لایەنەکانی دیکەی رۆشنبیری و هونەری.

*** رۆشنبیرە سیاسییەکانی ئەوکاتەی هەولێر کێ بوون و کامەشیان لەهەموویان زیاتر کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەری سازدەدا؟**

– رۆشنبیرە سیاسییەکانی ئەوکاتەی هەولێر، دەتوانـم بڵێـم: بـە پلـەی یەکەم"عەونی یوسف"بوو، دەتوانم بشڵێم کە بیری کوردایەتی وەکو فیکر، یەکەمجار عەونی یوسف هێنایە هەولێر، هەولێرییەکان دەبێ زۆر رێز لەوناوە بگرن، چونکە ئەوپیاوە خزمەتێکی زۆری شاری هەولێری کردووە. رۆشـنبیرە سیاسییەکانی دیکەی ئەوکاتەی هەولێریش، مام جەلال بوو، عومەر دەبابە، مەلا عەبدوڵڵا کە ناسرابوو بە مەلا ماتۆڕ، ئەوان بوون، هەمزە عەبدوڵڵا بوو لە پارتی، هەروەها لە شـیوعییەکانیش مەلا شـەریف و شێخە شەل، برای عەونی"جەلیل وشیار"بوو، بەڵام شیوعیەکان ئەوکات زۆر بە وشکی مامەڵەیان دەکرد. ئەوکاتە تازە کۆماری کوردسـتان لە مەهاباد شکسـتی هێنابوو، پارتییەکان بە پەنجەی دەسـت دەژمێردران بەڵام شیوعیەکان گەلێ زۆر بوون. لەوانەش کە بەزۆری کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسـی ساز دەدا، لە شیوعیەکان شێخەشەل بوو بەزۆری، ئەو دەورێکی سـەرەکی هەبـوو، ئەوکاتەی هەولێـر، هەروەها عەونی و هەمزە عەبدوڵڵا، ئینجا لەسـاڵی ١٩٥٢ بەدواوە مام جەلال و عومـەر دەبابە هاتنە مەیـدان، ئەوکاتانەش لەهەولێر ئەگەر بۆنەیەکی سیاسی هەبووایە بەدزییەوە دەکرا، چونکە ئەو وەختانە نەوەکو هەر رێگا نەدەدرا بە کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی و جەمـاوەری بەڵکو پۆلیس دەهات و بەدارو زۆرە ملێ پەرتەیـان بە خەڵکە ئامادەبووکە دەکرد.



نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز- ٢٠٠٧

**روونکردنەوە:**

**لە بەشی یەکەمی دیمانەکەی نەژاد عەبدوڵڵا عەزیـز، لەزۆربەی ئەو شـوێنانەی کە ناوی جەواهیر لال نەهرۆ هاتبوو، بەهەڵە لەبری ئەو ناوی غاندی نووسرابوو، بۆیە داوای لێبوردن لە بەڕێزیان و خوێنەرانی مانگنامەی بەدرخانیش دەکەین.**

**بەدرخان**

## تامان شاکر

## هەولێر
## شاری بەیەکەوە ژیانە

ئەمرۆ کەس بە قەد کورد، باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی و سەروەری یاسا و شکاندنی سنوورەکان ناکات، هەموومان دەڵێن دونیا بووە بە دێیەکی گەورەو کاتی ئەوە هاتووە کە کلتوورەکان تێکەڵی یەکتر بن، بەڵام کێشەی ئێمە کورد لەوەدایە لە٣ شاری کوردستان، ناتوانین تێکەڵی یەکتر بین، هەندێکیان لە دەرەوەی سنووری شارەوانی شارەکەی خۆی، کەس بە کورد نازانێت و هەموو کوردستانیش تەنها لە شارەکەی خۆی دەبینێتەوە، کە باس لە گۆرانکاری و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، ئەوان خۆیان بە پێشەنگی ئەو بیرو بۆچوونانە دەزانن. من پێم وایە کەسێک کە نەتوانێ لە چوار چێوەی دێیەکەی خۆی دەرچێت، (بۆیە دەڵێم دێ چونکە ئێمە شاری گەورەمان نییە تەنها گوندی گەورەمان هەیە) هەستێکی مرۆڤ دۆستانەی نەبێت، خۆی و خەڵکی تر بە مرۆڤ نەزانێت پا بەند نەبێت بە نەتەوەیەک بە ناوی کوردەوە، بەرگەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێکەوە ژیانی هەموو کلتوورەکان ناگرێت.ئەمەش گەورەترین بەربەستە بۆ بوونمان بە نەتەوە، مرۆڤی کورد ئەوەندەی ئینتمای بۆ شارەکەی هەیە بۆ نەتەوەکەی نییە.
ئەمرۆ کۆمەڵگەی ئەمریکی و ئەورووپی بوون بە کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەیی و لەسەر بنەمای یاسا و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، توانیویانە هەموو پێکەوە بژین، بوون بەنەتەوەی بەهێز وڵاتەکەی خۆیان خۆش دەوێت و کاری بۆ دەکەن بەڵام ئێستا من دڵنیا نیم و نازانم چەند کەس کوردستانی خۆش دەوێت، هەرچی من دەیبینم دەیەوێ بروات ئەی وڵات بۆکێ بە جێبهێڵین؟
لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەو کاتەی کە زانکۆی سولەیمانی گوێزرایەوە بۆ هەولێر،شارەزای هەولێر بووم و خوێندنی زانکۆم لە هەولێر تەواو کرد . ئێستاش نزیکەی ساڵ و نیوێکە لە هەولێر دەژیم، سەیرم لە پێکهاتەی ئەو شارە دێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی خەڵکی شارەکانی ترو پارچەکانی تری کوردستانن و تەنانەت رێژەیەکی زۆری عەرەبیش هەر لە زووەوە لەم شارەدا ژیاون، لە هەمانکاتیشدا پێکهاتەیەکی ئاینی تیکەڵاو لە مەسیحی و یەزیدی و مەندائی تێدا دەژیت، کەسیش هەست بە نامۆیی ناکات. خۆزگە هەمووشیان هەولێر بە شاری خۆیان بزانن، من دڵنیاشم لەوە هەرچی ماوەیەک لەم شارە بژیت بە زەحمەت دەتوانێ جێیبهێڵێت.
هەولێر تایبەتمەندیەکی یەکجار جوانی هەیە، کە هەستی ناوچەگەری تێدا لاوازە کەسێک ئەگەر لەم شارەش لە دایک نەبووبێت، نابێتە جێی تیرو توانجی خەڵکی هەولێر.کەس پەنجەی نامۆیی بۆ درێژ ناکات.ئەگەر سەیری دامودەزگاکانی حکومەت بکەین دەبینین زۆرینەی کارمەندەکانی خەڵکی دەرەوەی هەولێرن و کەسیش رق و کینە بەرامبەریان پیشان نادات، هەولێریەکانیش ناڵێن ئێوە شوێنی کاری ئێمەتان داگیرکردووە.
هەستی ناوچەگەریەتی کە هێمایەکە بۆهەستی خێلایەتی و عەشیرەتگەری، گەرەک چیەتی دوور لە بنەمای نەتەوە و هەستی نەتەوەیی، ئەو ساڵانەی کە لە ئەورووپا بووم ئەم دیاردەیەم بە زەقی دەبینی، لە نێوان کوردەکانی ئەوێ، وەزۆر جار گوێم لە دەستەواژەی( کوڕی گەرەک و خەڵکی شارەکەیە) دەبوو بەو مانایەی ئەوەی خەڵکی شارەکە نەبووایە شایانی دۆستایەتی و هاورێیەتی نەبوو، ئەی ئەگەر ئەمە عەقڵێکی دواکەوتوو نەبێت چییە.کە لە راستیدا دەبوایە هەستی نەتەوەیی زاڵ بێت بەسەر هەستی ناوچەگەری بۆ کەسانێک کە لە ناوجەرگەی ئەورووپایەکی فرەنەتەوەییدا دەژین.
هەستی ناوچە گەریەتی و نوکتە، لەسەر یەکتر بە ئەندازەیەک ناخۆش بووە، زۆرجا شەری لێکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوەی گەیشتۆتە رادەی بریندار کردن و سوکایەتی کردن بە شارێک.
لە هەموو شوێنێک رۆحی نوکتەو پێکەنین هەیە، بەڵام نەک وەک ئەوەی لای ئێمە، کە هەموو سنوورەکانی نوکتەی بەزاندووە رێچکەیەکی دوژمنانەی گرتۆتە بەر، هیوادارم لەمەو دوا خۆمان بە نەتەوەیەک بزانین و هەولێریش بکەینە نموونەی شاری بەیەکەوە ژیان.

## گۆران:
# بیست هەزار کتێب وەقف دەکەم بۆ میللەتی کورد

ئا: بەدرخان

بابێ بارزانـی، یا گۆران لەسـاڵی ١٩٥٩ ئامەد دیاربەکر لەدایکبووەو چەندین ساڵە خەریکی کاری کتێبخانەیە لەوڵاتی سوید کە بە کتێبخانەی سارا بەناوبانگەو تاکو ئێستا زیاتر لە ١٠٠کتێبی چاپکردووەو هەوڵیداوە لەرێگای کتێبەوە، کوردسـتان بناسێنێ، لەدوا گەشـتی بەدرخان بۆ سـوید بەنێو کتێبخانەی سـاراو ماڵەجوانەکەی گۆران و کارین دەسـوڕاینەوەو پرسیارمان دەکرد سەبارەت بە کتێبخانەی سارا ئەو دەیگوت: من ژیانی خۆم سـەرەتا بەکاری سیاسی بەڕێکـردووە، زۆر هیـلاک و ماندوو بووم، چونکە حەزو باوەڕم بەوەهەبوو، کە مرۆڤ دەتوانێ کاربکات و بۆیە ٢٠ساڵە خەریکی کتێب و دنیای کتێبـم، توانیومە کلتوری کوردان و ئەدەبی کوردان بگەیەنم بە هاوسۆز و ئەوانەی پشتگیری کورد دەکەن...

بابێ بارزان لەنێو قسەکانیدا باسی کتێبخانە نێودەوڵەتییەکانـی دەکرد.. پرسـیمان پەیوەندیتان چۆنە، لەگەڵ کتێبخانەکانی جیهان و بەتایبەتی دامەزراندنی کتێبخانەی کوردی لە دیاربەکر؟

ئەو گوتی: بەڵێ، پەیوەندییمان زۆرباشە، دووساڵ پێش ئێستا لەهەوڵی ئەوەدابووین کە کتێبخانەی کورد لەدیاربەکردروستبکەین و لەگەڵ هاوسـەری ژیانم"کارین خان"کە سـویدییەو بەکوردیش قسـان دەکات و یەکێکە لە نووسەرانی رۆژنامەی"SVD" کە دەستڕەنگینە و هەموو جۆرە خواردنێکی کـوردی دەزانێ و هەروەها شـارەزایی لە داب و نەریتـی کـوردەواری هەیـە، بۆیە لەگەشـتێکمان بـۆ ئەمریـکا بەتایبەتی بۆ"کتێبخانەیکۆنگرێسیئەمریکی"توانیمان بە روون و ئاشـکرا، باسی کتێب و کلتور و ئەدەبـی کوردی لەگـەڵ ئەمریکییەکان بکەین.

هەربۆیە مـن توانیم هەر کتێبێکی کوردی کـە دەردەچێ لەهەرشـوێنێکی دنیاهەیە تەنیا بەکوردی بێ، بینێرم بۆ ئەمریکا بۆ کتێبخانەیکۆنگرێس..

سـەبارەت بەوەی کە کتێبخانەکەی وەقف دەکات بابێ بـارزان گوتی: بەڵێ، وەقف دەکـەم بۆ میللەتی کـورد، هەمووکارێکم کردووە بۆئەمەبەستە، چونکە کتێبخانەکەم زیاتر لە"٢٠"بیسـت هەزار کتێبی تێدایە، بۆیە بەچاکی دەزانم کورد زیاتر سـوودی لێوەربگرێت..

هەرلەقسەکانیدالەمەڕکتێب وبڵاوکراوەکاندا دەیگوت:

تاکوئێستا زیاتر لە"١٢٠"کتێبم چاپکردووە، بەردەوامیش لەهەوڵی ئەوەداین و باشترین کتێب چاپدەکەین.بەتایبەتی ئەوچیرۆکانەی کە بۆمنداڵان دەنووسـرێ و باسی کوردان دەکات وەریگێڕینە سەر زمانی بێگانان..

لەکۆتاییدا زۆر دڵخۆشـبوو کە ئەو چەند رۆژە بەیەکەوە بووین بۆ ئەنجامدانی چەندین کاری رۆژنامەنووسـی بەتایبەتی چوونمان بۆ رۆژنامەی"SVD"سـویدی و دیدارمان لەگەڵ"بوهایدن" سەرۆکی دەزگای"SVD" وسەرنووسەری بەشی دیجیتاڵی رۆژنامەکەو رووناکبیر"لوتفی باکسی"و چەندین شوێنی دیکەو کەسایەتی تر.. ناشبێ رۆڵی شێرزاد هەینی لەمەڕ هەموو کارەکان کە لەسـوید ئەنجامدرا فەرامۆش بکرێت......

شایەنی باسە پاش بەشداریکردنی دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی بەدرخان لە پێشانگای فرانکفۆرت ١٠-١٤/١٠/٢٠٠٧، بە سەردانێکی رەسـمی چووینـە سـوید لـە دەزگای رۆژنامەنووسی بەناوبانگ"SVD"پێشوازی کرایـن و لەدیمانەیەکدا چەندیـن تەوەر قسـەی لەسـەرکراو. خەڵاتـی دەزگای بەدرخان پێشـکەش بە سەرۆکی SVD "بوهایدن"کرا.



گۆران